# سەربەستی، ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە.

ناوەندی ڕاگەیاندنی پارتی سەربەستیی کوردستان چاپی دەکات.

سەربەستی

Serbesti

(٩ ژمارە)


**به بۆنەی هاتنی ساڵی نوێی زایینی و جەژنی مەسیحیەکان.**

به بۆنەی هاتنی ساڵی نوێی زایینی و جەژنی مەسیحیەکان، پیرۆزبایی لە سەرجەم مەسیحیەکانی جیهان، به تایبەت مەسیحیەکانی کوردستان دەکەین. هیوادارین ساڵی نوێتان ببێتە ساڵی بەدیهاتنی هیواکانتان و ساڵێکی خۆش بێ، ببێتە ساڵی بەختەوەری بۆ سەرجەم خەڵکی جیهان.

## دەیان پارت و لایەن و کەسایەتی هەر چوار پارچەی کوردستان سەردانی پارتی سەربەستیی کوردستانیان لە هەولێری پایتەخت کرد.

به پێی بەرنامەیەکی ئامادەکراوی بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی سەربەستیی کوردستان لە هەولێر، ڕۆژانی 25،26،27 مانگی 12ی 2010 ی زایینی، لە نوسینگەی گوڤاری بەرەو سەربەخۆیی و پەیوەندیەکانی پارتی سەربەستی کوردستان بە بەشداری بەڕێز عارف باوەجانی سەرۆکی پارتی سەربەستی کوردستان پێشوازی لە بەسەرکردنەوە، چاوپێکەوتن و هاوپەیمانیەتی گشت لایەنەکانی کوردستانی کرا.



پەڕەی (٢)

## ● بەشداری پارتی سەربەستیی کوردستان و ڕێکخراوی ژنانی سەربەستیی کوردستان لە کۆبوونەوەی دژ بە حوکمی لە سێدارەدانی حەبیبوڵا لەتیفی لە سلێمانی.

(٣)

## ● شاندێکی پایەبەرزی پارتی سەربەستیی کوردستان سەردانی مەکتەبی ناوەندی پێوەندی نیشتیمانی و کوردستانی پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە هەولێری پایتەختی کرد.

(٣)

## ● کۆمیتەی شارەزوری پارتی سەربەستیی کوردستان دامەزرا.



به لە سەرماوەزی 2710 ی کوردی و2010 ی زایینی، لە کۆبوونەوەیەکی بەرینی ئەندامانی پارتی سەربەستیی کوردستان، واتە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشتە جێ لە شارو ناوچەکانی سەربە شارەزوری هەرێمی کوردستان، بە بەشداری سەرۆکی گشتی پارتی سەربەستی کۆمیتەی شارەزوریان هەڵبژێردرا. کە بریتین لە 5 کەس وەک ئەندامی ئەسڵی و 2 کەس وەک ئەندامی جێگر.

## دیداری نێوان سەرۆکی گشتی پارتی سەربەستیی کوردستان و ڕاوێژکاری وەزارەتی دەرەوەی وڵاتی نۆرویژ.



لە میانەی کارە دیپلوماتییەکانی پارتی سەربەستیی کوردستان، ڕێکەوتی 21ی بەفرانباری 2710 ی کوردی بەرامبەر بە 11/1/2011 ی زایینی، بەڕێز عارف باوەجانی سەرۆکی پارتی سەربەستیی کوردستان سەردانی وەزارەتی دەرەوەی نۆرویژی کرد، و لە لایەن بەڕێز تور کینسارڤیک ڕاوێژکاری تایبەتی وەزارەت بۆ کارو باری ڕۆژهەڵاتی ناڤین و کار و باری پێوەندیدار بە ئێرانەوە پێشوازیکرا.

پەڕەی (٣)

## بەشداری شاندێکی پارتی سەربەستیی کوردستان لە فستیڤاڵی باباتاهیری لوڕ لە ئیلامی.



پەڕەی (٢)

## بەشداری سەرۆکی پارتی سەربەستیی کوردستان لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیمۆکراتی کوردستان.

20ی سەرماوەزی 2710ی کوردی بەرامبەر بە 11.12.2010 ی زایینی، یەکەمین ڕۆژی کۆنگرەی پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە هەولێری پایتەخت، بەبەشداری ژمارەیەکی زۆر لە حیزب و لایەن و کەساتییەکانی کوردستانی وئێراقی و جیهانی، لە ژێر دروشمی (نوێبوونەوە، دادپەروەری و پێکەوەژیان) دەستی پێکرد.



پەڕەی (٥)

## نەتەوەی کورد لە ئێستا و لە داهاتووی ئیستراتیژیکی پارتە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا!

پەڕەی (٦)

# دەیان پارت و لایەن و کەسایەتی هەر چوار پارچەی کوردستان سەردانی پارتی سەربەستیی کوردستانیان لە هەولێری پایتەخت کرد.





به پێێ بەرنامەیەکی ئامادەکراوی بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی سەربەستیی کوردستان لە هەولێر، ڕۆژانی 25،26،27 مانگی 12ی 2010 ی زایینی، لە نوسینگەی گوڤاری بەرەو سەربەخۆیی و پەیوەندیەکانی پارتی سەربەستی کوردستان بە بەشداری بەڕێز عارف باوەجانی سەرۆکی پارتی سەربەستی کوردستان پێشوازی لە بەسەرکردنەوە، چاوپێکەوتن و هاوپەیمانیەتی گشت لایەنەکانی کوردستانی کرا.

لەم دیدار و چاوپێکەوتنانەدا شاندی پارتیمان بریتی بون لە بەڕێزان :

1 ئەهوورا هەورامی : ڕاوێژکاری سەرۆکی پارتی سەربەستی کوردستان
2 ڕەزا ئەمینی : بەرپرسی بەشی پەیوەندیەکانی پارتی سەربەستی کوردستان
3 حەبیبە عەبدوڵاهی : بەڕێوەبەری نوسینگەی گۆڤاری بەرەوسەربەخۆیی و سەرۆکی ڕێکخراوی ژنانی سەربەستی کوردستان
4 عەلی موورادی بەرپرسی کۆمیتەی شارەزوری پارتی سەربەستیی کوردستان
5 جەمال یوسفی ئەندامی کۆمیتەی شارەزور
6 عەزەم سوهرابی ئەندامی کۆمیتەی شارەزور
7 ئەحمەد کەرەمی ئەندامی کۆمیتەی شارەزور

ناوی بەشێک لەو پارت و لایەنانەی کە سەردانی پارتی سەربەستی کوردستانیان کردوە بریتین لە:



1 پارتی دیمۆکراتی کوردستان
2 حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران
3 یەکێتی نەتەوەیی دیمۆکراتی کوردستان
4 حیزبی ڕزگاریی کوردستان
5 ڕێکخراوی خەباتی شۆڕشگێرانی کوردستانی ئێران
6 حیزبی سوسیالیست دیمۆکراتی کوردستان
7 کۆمەڵە ـ پارتی سوسیال دیمۆکراتی کوردستان
8 کۆمیتەی ژنانی کۆمەڵە ـ پ.س.د.ک لە کوردستان
9 پارتی لیبراڵ دێمۆکراتی کوردستان
10 حیزبی دیمۆکراتی بەیین ونەهرێن
11 پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان
12 پارتی یەکێتی دیمۆکراتی کورد لە سوریا
13 سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران
14 بزوتنەوەی دیمۆکراتی گەلی کوردستان
15 حیزبی شیوعی کوردستان
16 پارتی سوسیالیستی کوردستان باکور
17 حیزبی زەحمەتکێشانی سەربەخۆیی کوردستان
18 پارتیا یەکێتی کورد سوریا ( ڕێکخستنی هەولێر و دهۆک )
19 پارتی کۆماری کوردستان



بێجگە لەو پارتانەی کوردستان، بە دەیان کەسایەتی سیاسی و ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەنووسی کوردستانی سەردانیان کردوین، کە بە هۆی زۆری ئەو دڵسۆزانەوە و بۆ ئەوەی ناوی کەسێکمان لە یاد نەکردبێت بە داوای لێبوردن لە نوسینی ناوەکانیان خۆمان دەبوێرین.

هەروەها بە دەیان پارت و لایەنی دیکە کە لەو ڕۆژانەدا بۆیان نەکرا پارتیمان بە سەر بکەنەوە، لە ڕێگەی تەلەفونەوە پیرۆزباییان ناردوە، پێان ڕاگەیاندوین کە لە کاتێکی گونجاودا سەردانمان دەکەن.

لە کۆتاییدا لەلایەن سەرۆکی پارتی سەربەستی و نوێنەرایەتی پارتیمان لە هەولێر سوپاس و پێزانین ئاراستەی هەموو لایەنەکان کرا و بەڵێنی ئەوەمان نوێ کردووە کە لەسەر هاوخەباتیمان پێداگر بین.

پەیوەندییەکانی پارتی سەربەستیی کوردستان لە هەولێر 8 ی بەفرانباری 2710 ی کوردی.







بە دەیان پارتی و ڕێکخراوی سیاسی سەردانی پارتی سەربەستیی کوردستانیان کرد

## کۆمیتەی شارەزوری پارتی سەربەستیی کوردستان دامەزرا.



لە سەرماوەزی 2710 ی کوردی و2010 ی زایینی، لە کۆبوونەوەیەکی بەرینی ئەندامانی پارتی سەربەستیی کوردستان، واتە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشتە جێ لە شارو ناوچەکانی سەربە شارەزوری هەرێمی کوردستان، بە بەشداری سەرۆکی گشتی پارتی سەربەستی کۆمیتەی شارەزوریان هەڵبژێردرا. کە بریتین لە 5 کەس وەک ئەندامی ئەسڵی و 2 کەس وەک ئەندامی جێگر.
کۆبوونەوە سەرەتا بە بابەتێکی گشتی لە لایەن کاک عارف باوەجانی لە سەر هەل ومەرجی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وئێران و پێناسەیەکی پارتی سەربەستیی کوردستان کرایەوە.
بە دوای وتەکانی بەڕێز کاک عارف چەندین پرسیارو بۆچوون لە لایەن بەشدرابووانەوە ئاراستەی کاک عارف کرا و کۆبوونەوەکە زیاتر دەوڵەمەند کرا.
ئەندامانی پارتی سەربەستیی کوردستان لە شارەزور، خۆشحاڵییەکی زۆریان بە پەرەسەندنی پارتەکەیان پێشاندا، و بە خۆشحاڵی و هەستی بە تینی کوردایەتییەوە پێشوازییان لە کۆمیتەی تازە هەڵبژێردراو کرد.
پاش دابەشکردنی ئەرکەکانی ئەندامانی کۆمیتە، کۆبوونەوە بەسەر کەوتووی کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.
سەرماوەزی 2710 ی کوردی / پسک شارەزور.

# شاندێکی پایەبەرزی پارتی سەربەستیی کوردستان

## سەردانی مەکتەبی ناوەندی پێوەندی نیشتیمانی و کوردستانی پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە هەولێری پایتەختی کرد.


ڕۆژی سەشەمە ڕێکەوتی 30 سەرماوەزی 2710 ی کوردی هەتاوی شاندیکی پایەبەرزی پارتی سەربەستی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز عارف باوەجانی سەرۆکی پارتی سەربەستی کوردستان، و هاورێیەتی سەرکەوت ئیلامی ئەندامی سەرکردایەتی وئاهورا هەورامی راوێژکاری سەرۆکی گشتی و رەزا ئەمینی بەرپرسی بەشی پەیوەندییەکانی پ س ک. سەردانی مەکتەبی ناوەندی پەیوەندی نیشتمانی و کوردستانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەولیر کرد، کە لە لایان بەریز میقداد عەلی لێپرساوی مەکتەبەوە پێشوازی گەرمیان لێکرا. لەم دیدارە دوستانەیەدا بەریزشاندی میوان خۆشحالی خۆیان بە بۆنەی کۆتایی هاتنی سەرکەوتوانەی کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان ودوبارە هەلبژاردنەوەی بەریز مەسعود بارزانی وەک سەروکی پارتی دیمۆکراتی کوردستان پێشاندا، و پیرۆزبایی گەرمی گشت ئەندامان و هاوبیرانی پارتی سەربەستیی کوردستان یان ئاراستەی شاندی خانەخۆێ کرد. شایانی باسە ئەم دیدارە دۆستانەیە کاتژمێریکی خایاند و بە گەرمی بەرێکران.

ناوەندی هەواڵی پارتی سەربەستیی کوردستان / هەولێر
30 ی سەرماوەزی 2710ی کوردی

# دیداری نێوان سەرۆکی گشتی پارتی سەربەستیی کوردستان و ڕاوێژکاری وەزارەتی دەرەوەی وڵاتی نۆرویژ.

لە میانەی کارە دیپلوماتییەکانی پارتی سەربەستیی کوردستان، ڕێکەوتی 21ی بەفرانباری 2710 ی کوردی بەرامبەر بە 11/1/2011 ی زایینی، بەڕێز عارف باوەجانی سەرۆکی پارتی سەربەستیی کوردستان سەردانی وەزارەتی دەرەوەی نۆرویژی کرد، و لە لایەن بەڕێز تور کینسارڤیک ڕاوێژکاری تایبەتی وەزارەت بۆ کارو باری ڕۆژهەڵاتی ناڤین و کار و باری پێوەندیدار بە ئێرانەوە پێشوازیکرا.
لە ماوەی یەککاتژمێر لە دانیشتنی نێوانیان لە سەر ئەم خاڵانە باسکران.
1 / مافی مرۆڤ لە کوردستان و کردەوەو جینایەتەکانی ڕێژیمی ئێران. بەڕێزیان تیشکیان خستە سەر چەند خاڵێکی گرنگ لە پێشێلکارییەکانی ڕێژیم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
2 / بەڕێز باوەجانی داوایکرد وەزارەتی دەرەوە پشتیوانی لە کاندیداتۆری کورد موحەممەد سەدیق کەبوبەند بۆ خەڵاتی ئاشتی پێشانبدەن.
3 / پشتیوانی وڵاتی نۆرویژ لە دۆزی کورد تا ئاستی مافی چارەی خۆنوسی.
4 / باسێکی گشتی لە سەر شێوەی کارکرندی پارتی سەربەستیی کوردستان لە ئاست نۆرویژ و جیهان.
لە کۆتایی باسەکەی نێوان هەردوو لایەن، بەڕێز تور سوپاسی کاک عارف ی کرد بۆ زانیارییەکانی و داوایکرد کە بەردەوام ئەو پێوەندیانە درێژەیان هەبێت.
ناوەندی هەواڵ و ڕاگەیاندنی پارتی سەربەستیی کوردستان





# بەشداری پارتی سەربەستیی کوردستان و ڕێکخراوی

## ژنانی سەربەستیی کوردستان لە کۆبوونەوەی دژ بە حوکمی لە سێدارەدانی حەبیبوڵا لەتیفی لە سلێمانی.

بەشداری پارتی سەربەستیی کوردستان و ڕێکخراوی ژنانی سەربەستیی کوردستان لە کۆبوونەوەی دژ بە حوکمی لە سێدارەدانی حەبیبوڵا لەتیفی لە سلێمانی.

لە ڕێکەوتی 4 بەفرانباری 2710 ی کوردی و 25.12.2010 ی زاینی، کەمپینی نا بۆ حوکمی لە سێدارەدانی بەندییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە لە لایەن چەندین ڕێکخراولایەن و کەسایەتی سیاسی و ڕوناکبیری کوردستانی پێکهاتبوو، کۆبوونەوەیەکی جەماوەریان لە پارکی ئازادی سلێمانی پێکهێنا. بە مەبەستیی شەرمەزارکردنی ئەو حوکمە نارەوای دادگای نا یاسایی کۆماری ئیسلامی ئێران. بەسەر بەندییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە تازەترینیان بەڕێزحەبیبوڵا لەتیفییە کە بڕیاری لە سێدارەکەیان بە سەردا سەپاندەوەو مەترسی لە سێدارەدانەکەشی زۆر نزیکە.

بەشی زۆری پارت ولایەن و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو کۆبوونەوەدا بەشدریان هەبوو، شاندی پارتی سەربەستیی کوردستان بە سەرپەرەستی بەڕێز سەرکەوت ئیلامی ئەندامی سەرکردایەتی پسک، و بروسکەی پشتیوانی ڕێکخراوی ژنانی سەربەستیی کوردستان لە لایەن خوشکە حەبیبە عەبدوڵاهی، شانبەشانی لایەنەکانی دیکەی کوردستانی بەشداریان لەو کەمپینە کرد.

ناوەندی هەواڵی پارتی سەربەستیی کوردستان/ سلێمانی



# بە بۆنەی هاتنی ساڵی نوێی زایینی و جەژنی مەسیحیەکان.

بە بۆنەی هاتنی ساڵی نوێی زایینی و جەژنی مەسیحیەکان.
بە بۆنەی هاتنی ساڵی نوێی زایینی و جەژنی مەسیحیەکان، پیرۆزبایی لە سەرجەم مەسیحیەکانی جیهان، بە تایبەت مەسیحیەکانی کوردستان دەکەین.
هیوادارین ساڵی نوێتان ببێتە ساڵی بەدیهاتنی هیواکانتان و ساڵێکی خۆش بێ، ببێتە ساڵی بەختەوەری بۆ سەرجەم خەڵکی جیهان.

هاوڵاتیانی بەڕێز، کوردپەروەرانی کوردستان، خوشکان و دایکانی ڕۆلە زیندانی کراوەکان، ساڵی تازەی زایینی لە هەمووتان پیۆرز بێ!
دیارە ئەم ساڵیش لە کاتێکدا ساڵی تازە پیرۆز دەکرێ، کە خەڵکی کوردستان لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و باکور گیرۆدەی داگیرکەرانن.
بەردەوام خەڵکی کوردستان بە غەمناکترین شێوە، ئازار دەدرێن و دەچەوسەندرێنەوە.

ئەم ساڵ، لە کاتێکدا یادی ساڵی تازەی زاینی پیرۆز دەکرێ، کە ڕۆڵەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاوەڕێی پەتی سێدارە و مردن دەکەن.
دایکان و خوشکان لە جیاتی پیۆرزبایی کردن، چاوەڕێی گەڕاندنەوەی تەرمی ڕۆڵەکانیان دەکەن، چرکە لە دوای چرکە، ئاخ و هەناسە، بیر لە ڕۆڵەکانیان دەکەنەوە, کە لە زیندانەکاندا چاوەڕێی پەتی سێدارەن، بە نا ئادیلانە بکرێتە ملیان.

ساڵی ڕابوردوو ساڵێکی ناخۆش بوو، بە دەیان ڕۆلەی کورد ملیان کرایە پەتی سێدارە و لەلایەن کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سێدارەدران.
سەرەتای ساڵی تازەی زاینی، ئێمەش دڵمان لە گەڵ لە دڵی دایکانی ڕۆلە زیندان کراوەکانی کوردستانە.

زاڵمانی داگیرکەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە جەژنەکانی مەسیحدا، یەک شەممەی ٢٦ی ١٢ی ٢٠١٠ ویستیان
حەبیبوڵڵە لەتیفی لەسێدارە بدەن.
ڕاپەرینی جەماوەر لە شارەکانی کوردستان، بەرزبوونەوەی دەنگی نارەزایی لە هەموو لایەکەوە بوو، بەهۆی ڕێگری لەسێدارەدانی حەبیبوڵڵە لەتیفی.

هیواخوازین ساڵی نوێ، دەستپێکی تێکشکاندنی زاڵم و داگیرکەران بێت!
لە دوای هەموو زستانێکی ساردی ناخۆش، چاوەڕێی بەهارێکی خۆش بکەن.
ساڵی نوێی زایینیتان پیرۆز بێ!
دڵمان لە گەڵ دلی ئێوەیە، دایکانی ڕۆلە زیندانی کراوەکان.
دڵشاد پڕۆنی/ ئەندامی سەرکردایەتی پارتی سەربەستیی کوردستان
چوارشەمە ٨ بەفرانباڕی ٢٧١٠ی کوردی.
ڕاگەیاندنی پ . س . ک

ئاژانسی سەربەخۆ
http://www.serbexo.com

# بەشداری سەرۆکی پارتی سەربەستیی کوردستان لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیمۆکراتی کوردستان.







ئەمرۆ 20ی سەرماوەزی 2710ی کوردی بەرامبەر بە 11.12.2010 ی زایینی، یەکەمین رۆژی کۆنگرەی پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە هەولێری پایتەخت، بەبەشداری ژمارەیەکی زۆر لە حیزب و لایەن و کەساتییەکانی کوردستانی وئێراقی و جیهانی، لە ژێر دروشمی (نوێبوونەوە، دادپەروەری و پێکەوەژیان) دەستی پێکرد. بەڕێز عارف باوەجانی کە بۆ ئەو کۆنگرە بە فەرمی بانگهێشتکرابوو، بەڕێزیان بە هاوشاندی لەگەڵ کاک ئاهورا هەورامی ڕاوێژکاری تایبەتی سەرۆکی گشتی پارتیمان لە باشوری کوردستان، لە رۆژی کردنەوەی کۆنگرە بە پێشکەشکردنی بروسکەیەکی پیرۆزبایی کە گەیاندرایە دەستی بەڕێوەبەرانی کۆنگرە بەشدارییانکرد.

کردنەوەی کۆنگرە بە سرودی ئەی رەقیب و چەند دیمەنێکی کورتی مێژووی کۆنگرەکانی پارتی هەر لە کۆنگرەی یەکەوە تا کۆنگرەی 12 دەستی پێکرد، بەڕێز کاک مەسعود بارزانی وتارێکی گرنگی پێشکەش کرد کە لەو وتارە زۆر بابەتی گرنگی تێدا باسکرد،یەکێک لە تەوەرە گرنگەکانی وتارەکەی بەڕیزیان ئەوە بوو کە داوای هاوپەیوەندی حیزبە کوردستانیەکانی پارچەکانی تری کوردستان کردەوە، و پاشان بەڕیزیان لە سەر مەسەلەی کەرکو دوپاتی کردەوە کە پارتەکەیان هەرگیز دەستبەرداری کوردستانی بوونی کەرکوک نابێت.

بە دوای ئەودا هەر یەک لە سەرۆککۆماری ئێراقی فیدراڵ و سەرۆک وەزیرانی ئێراقی فیدراڵ و سەرۆک پەرلەمانی ئێراقی فیدراڵ و چەند پەیامێکی دیکەی کوردستانی و تورکمەن و ئاسور وکلدانی و سەرۆک پارتەکانی ئێراقی پێشکەشکرا. هەروەها نۆێنەرانی وڵاتانی ئیتالیاو ئەڵمانیاوتورکیاو چەند لایەنێکی دیکە پەیامیان خوێندەوە.

لەو بەشداریکردنەی سەرۆکی پارتی سەربەستیی کوردستان توانرا دەیان کەسایەتی کوردستانی وجیهانی لە نزیکەوە بناسێت، و لە دیداری کورت و بەمەبەستی یەکتر ناسین. هەروەها لە کاتی پشووی کۆنگرەدا کاک عارف لە نزیکەوە سەردانی هەر یەک لە بەڕێزان کاک مەسعود بارزانی و مام جەلال تاڵەبانی وکاک نێچیرڤان بارزانی کردو،سڵاوی خۆیی و گشت هاوبیرانی لە پارتی سەربەستیی کوردستانی پێگەیاندن.

ئەو کەسایەتییانەی کە کاک عارف لە نزیکەوە بینینی بریتین لە

1 : زەلمای خەلیلزادە نۆێنەری حکومەتی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان

2 : ،،،، سەرۆکی پارتی لیبراڵ دیمۆکراتی ئوروپا کە پێکدێت لە 17 پارتی ئوروپایی.

3 : نۆێنەری پارتی کۆماریخوازانی ئەمریکا

4 : سکرتێری پارتی سوسیالیستی باکور. ووتەبێژی پارتی دیمۆکراتی باکور.

5 : بەڕێز گیانی ڤەرنێتی ئەندام پەرلەمانی ئیتالیا.

6 : نەوەی بنەماڵەی شێخ سەعید .

7 : هەواڵنێری چەند رۆژنامە و کاناڵێکی جیهانی.

8 : بە دەیان نووسەر و ڕوناکبیری هەر چوارپارچەی کوردستان.

هەروەها لە کۆنگرەدا سەرۆکی بەشی هەرە زۆری پارت ولایەنەکانی کوردستانی بەشداریان هەبوو، بە تایبەت پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ناوەندی هەواڵی پارتی سەربەستیی کوردستان هەولێر

## بەشداری شاندێکی پارتی سەربەستیی کوردستان لە فستیڤاڵی باباتاهیری لور لە ئێمانی.



رۆژی 14.12.2010 ی زایینی لە لایەن سەنتەری هاوبەشی لور و بە هاوکاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەزارەتی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی، ڤیستیڤاڵی بابا تاهیری لوری بە دروشمی (بابا تاهیر سیمبولی مێژووی ئەدەبیمانە) دەستی بە کارەکانی کرد، لەو ڤیستیڤاڵەدا بەشێکی زۆر لە کەسایەتییەکانی کوردستانی و نووسەرو ڕوناکبیرە باباتاهیر ناسەکان وتاری خۆیان لەو پێوەندییەدا پێشکەشکرد.

بەڕێز عارف باوەجانی و بە هاوشاندی بەڕێزان جەمال یوسفی و فەرحان کەریمی ئەندامانی کۆمیتەی پسک لە شارەزور. لەو ڤیستیڤاڵە بەشدارییان کرد. لەو بەشدارییەدا شاندی پارتی سەربەستیی کوردستان چاوی بە دەیان کەسایەتی نەتەوەیی و روناکبیری کوردستانی کەوت.

پارتی سەربەستیی کوردستان / کۆمیتەی شارەزوری کوردستان.

# ئاهەنگی ٢٦ سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە شاری لینشۆپیگن لە سوێد.

ئەمرۆ شەممە ٢٧ی سەرماوەزی ٢٧١٠، لە شاری لینشۆپینگ، کۆمیتەی حزبی دێموکراتی کوردستان ئاهەنگی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانیان گێرا، لەو ئاهەنگەدا کە بە وێنەی جوان و دروشمی نەبەردی پێشمەرگە ڕازێندرابۆوە، کوردانی دانیشتووی شارەکە و نوێنەری حزب و لایەنەکان لە ئاهەنگەدا بەشدار بوون. هاوڕێ دڵشاد پرونی ئەندامی سەرکردایەتی پارتی سەربەستیی کوردستان وەک میوان لەو ئاهەنگەدا بەشداری کرد و هاوکاتیش بروسکەی پیرۆزبایی پارتی سەربەستیی کوردستان بە بۆنەی ڕۆژی پێشمەرگە درابوو بە حزبی دیموکراتی کوردستان.

هەر لەو ئاهەنگەدا مامۆستا کەمال حەسەن پور بە زمانی سوێدی، سەرەتا کارە تیرۆریستیەکەی شاری ستۆکهۆلمی شەممەی ڕابردووی ئیدانە کرد، هەروەها بەڕێزیان باسێکی لە سەر کورد بە گشتی و پێشمەرگە کرد.

لەو ئاهەنگەدا ڕۆژی پێشمەرگە بەرز ڕاگیرا، هەروەها لەلایەن کۆمەڵەی کلتوری کوردی، سازمانی خەبات و دوو لە کەسایەتی سیاسی سوێدی و حزبی شوعی و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، پارتی سەربەستیی کوردستان وتار نێردرابوون و خوێندرانەوە.



# نەتەوەی کورد لە ئیستا و لە داهاتووی ئیستراتیژیکی پارتە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا!

نەتەوەی کورد لە ئیستا و لە داهاتووی ئیستراتیژیکی پارتە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا!

لە سێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران و ڕژیمی فاشیستی فارسدا بنەماڵەیەکی کوردی خەڵکی کرماشان لە گەڕەکی جافرئاوای ئەو شارە کە یەکێ لە گەڕەکە هەژار نشینەکانی کرماشانە بە خواردنی مادە لە هۆش بەرەکان(کراک ) خۆکوژیان کرد و لە جێدا گیانیان لە دەستدا، شایانی وتنە کە تەنیا منداڵێکی سێ مانگان لە پاش گەیاندنی بە نەخۆشخانە و بە هەوڵی دۆکتورەکان لە مردن ڕزگاری بوو.

بەڕێزان لەم هەلومەرجە دا کە هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ کۆتایی هێنان بە پرسی ئەتۆمی ئێران لە ڕێکخستنی دیالۆگ و گفتوگۆ لە گەڵ کۆماری ئیسلامی ئێراندان بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەک کە پێویست بە بەکار هێنانی هێزی نیزامی دژی ڕژیم نەکات و لەو لاشەوە بۆ گوشار خستە سەر کۆماری ئیسلامی ئابلۆقەی ئابووریان سەپاندووەتە سەر ڕژیم، کە لەم بوارەشدا تەنیا ناوچە بێ دەرامە دەکان و فەقیرنشینەکان و بە تاییبەت ئەو ناوچانەی کە لە (نەتەوە ژێردەستەکان) پێکهاتووە پلکی هە رە زۆریان بەر دەکەوێت و لەوانەش نەتەوەی کورد وبە تاییبەت پارێزگای کرماشان کە وەک ناچەیەکی پڕ ئیستراتیژیک کۆماری ئیسلامی چاوی لێدەکات و بە هەموو شێوەیەک هەوڵ بۆ تواندنەوەی زمان، کەلتوور، ڕەنگ و بۆی کوردەواری لەم دەڤەرە دەدات.

هەر وەک ئاگادارن کە ئەم ڕژیمە واتا کۆماری ئیسلامی ماوەیەکی زۆرە سیاسە تی بڵاو پێکردنەوەی مە وادی موخەدری لەم ناوچانە دا لە پێش گرتووە، ڕژیم بە دارشتنی ئەو سیاسەتە و بە پیادە کردنی بەم شێوەیە دەیهەوێت کە خەڵکی کوردستان و بە تاییبەت کرماشان و دەورووبەری ملکەچی سیاسەتەکانی خۆی بکات و ئاسەواری کوردی لەو دەڤەرانەدا بسرێتەوە و لەو لاشەوە بە شێوەیەکیتر بە خەڵک نیشان بدات کە ئەگەر ئیستراتیژیکی کۆماری ئیسلامی لە بەر چاو بگرن (کە هەڵگەڕانەوە لە کوردبوونیانە) و خۆیان لە گەڵ ئەم ڕژیمەدا بگونجێنن و پەرە بە کەلتوورو زمان و ناسنامەی کوردی نەدەن ڕژیم یارمەتیان دەدات و هەوڵ بۆ باشتر کردنی ژیان و گۆزەرانێکی لە بارتریان بۆ دابین دەکات، بەڵام ئەو سیاسەتەی کۆماری ئیسلامی شکستی هێنا هەر بۆیە ئاخوندەکان بە هەموو شێوەیەک هەوڵ بۆ وێران کردنی و لە بەین بردنی ئاسەوارە کوردیەکانی ئەو ناوچەیە دەدەن کە کوردستانی بوونی دەسەلمێنێت و ئەو شارە واتا (کرماشان)بە هەموو پێکهاتە و ئایینە جیاوازەکانەوە تێک دەشکێنن و بە سازکردنی جیاوازییەکی ئەوتۆ کە ئەگەر لە ئیدۆلۆژی ڕژیم نزیک بن ئۆتۆماتیک ئاڵوگۆڕ بە سەر داهاتوویاندا دێت، هەروەها بە پڕ ڕەنگ کردنی جیاوازییە ئایینیەکانی ئەو ناوچە دەیهەوێت تۆمی ئاژاوە و درز خستنە نێوان پێکهاتەکان بچێنێت بۆ سەرخستنی سیاسەتی چەوت و گڵاوی خۆی کە دوور خستنەوەی ئەو ناوچانەیە لە کورد.

هەر وەک ئاگادارن کە لە ساڵانی ڕابردوودا ڕژیم، کوڕی هاشمی ڕەفسەنجانی ڕاسپاردەبوو بۆ ئەوە کە ئاسەوارە کوردیەکانی پارێزگاکانی کوردستان و بە تاییبەت پارێزگای کرماشان دەستکاری بکات و لەو شوێنانەدا کە ئاساوارەکە دەگەڕێتەوە سەر مێژووی کورد و کوردستان بشوێنێت و لە بەینیان ببات، ئەوەش بەو واتایە دێت کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی (کە من زۆرتر بە ڕژیمی فاشیتی فارس نێوی دەبەم، چونکو ئەو سیاسەتە ڕەزا شایەکان تیئۆریان بۆ دارشت) هەوڵ بۆ پاکتاو کردنی کورد دەدات.

لە کۆتایی دا دەمهەوێت ئەوە دووپات بکەمەوە کە لەم قۆناغە دا دەبێت هێزە کوردستانیەکان هەوڵ بۆ پێکهێنانی بەرە یان پلاتفۆڕمێک بدەن کە بتوانن هێزی سیاسی کورد لە دەوری یەک کۆ بکەنەوە و لە ڕێگای ڕاگەیاندنە گشتیەکانی وە ک تیڤیێ، ڕادیۆ، گۆڤار و ڕۆژنامەکانەوە بە پیکهێنانی بەرنامەی لە بار لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا کەلتوورسازی بۆ بکەن و تا بەو شێوەیە دەنگ و ڕای گشتی خەڵکی کوردستانیشی وەپاڵبخەن.

ڕۆژئاوا لەم قۆناغە دا زۆرتر پێویستی بە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و بە تاییبەت کورد هەیە( هەر وەک لە بەڵگەنامە بڵاو کراوەکانی مەڵپەڕی ویکیلیکس دا ئیشارەی پیکراوە کە ڕۆژئاوا دەتوانێت بۆ لاواز کردنی کۆماری ئیسلامی لە هێزی کورد کەڵک وەر بگرێت ولە دژی ڕژیمی زاڵ بە سەر ئێراندا بە کاریان بهێنێت و تا لە و ڕێگەیەوە بتوانێت بە بەشێک لە ویستەکانی خۆی کە لە( ڕاگرتنی بەرنامە ئەتۆمییەکە ی دا کورت دەبێتەوە بگات)، بە ڵام لە بەر پرش وبڵاوی هێزە کوردستانییەکان و نەبونی بەرنامەیەکی لە بارو گونجاو دژی ئێران لە لایەن وڵاتە ڕۆژئاواییەکانەوە بانگهێشتی هیچ کۆبونەوە و کۆنفرانسێکی گرنگ ناکرێن و لە پەراوێز دەخرێن.

کاتێک کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پرسی نەتەوایەتی دێنێتە گۆڕێ پێش ئەوە کە پێداچونەوەیەک بە پرسی سیاسی خۆی بکات، هەوڵ دەدات کە ئاوڕ لە پرسی سیاسی نەتەوەکانیتری وەک ئازەری وعەرەب بداتەوە کە ئەگەر چاو لە گفتو دواندنی کەسایتیە سیاسی و پارت و ڕێکخراوە ئازەریەکان بکەین ئەوا بە باشی بۆمان ڕوون دەبێتە کە ئەوانیش لە دژی کورد وەک ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگی نەتەوەی فارس لە گەڵ کورددا بەرە بەرێکانێ دەکەن و بەشێکی زۆر لە خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە خاکی تورک و ئازەربایجان دەزانن کەواتا ئیتر پێویست ناکات ئێمە خۆمان بکەیەنە پارێزەری مافی تورکەکان کە ڕێگای ئاتاتورکیان لە دژی کورد لە پێش گرتووە، لێرە دا ڤیدۆیەکم داناوە کە چاوی لێبکەن بۆ دەرکەوتنی ڕاستیەکان http://www.youtube.com/watch?v=y26GUDHPBJE

ئەو کەسەی کە لە ڤیدۆکە دا دەردەکەوێت وتەبێژی حیزبی استقلالی ئازەربایجانی جنوبیە کە پارێزگای ورمێە کە کاتی خۆی ڕەزا شا بۆ تێکشکاندن و لاواز کردنی ناسیۆنالیزمی کورد نێوی ئازەربایجانی لە سەر دانا، لە سەر ئەو بڕوایەیە کە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و قروە کە لە نزیک پارێزگای سنەدایە خاکی تورکە و هیچ نێوێک لە کورد ناهێنێت،

کورد نابێت هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیەک بدات کە لە دژی خودی کورد ڕادەوەستێتەوە و دەبێتە مەترسی بۆ داهاتووی کورد و هەوڵ بۆ لاوازکردن و کزکردنی بزاڤی نەتەوایەتیمان دەدات و ڕێگای ئاتاتورک لە دژی کورد لە پێش بگرێت وببێتە داردەستی ڕژیمی تورک لە دژی بەرژەوەندی و ویستە نەتەوەیەکانمان.

ئەوە لەو ڕاستایەدایە کە ڕۆژئاو چاو لە سیاسەتی کورد دەکات کە دەبینێت لە ئاراستەی ئەو دا نیە بۆیە بە دوای ئەلترناتیڤێک دا دەگەڕێت کە لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامی پشتیوانی لێبکات.

لە ڕاستی دا و لە حاڵی حازر ئە ورووپا زۆرتر گرنگی بە موجاهدینی خەڵق دەدات کە گروپێکی تروریستیە، ئە م گرووپە بۆ هەموان ڕوونە کە لە دژی کوردی باشور چ کارەساتێکی دڵ تەزێنیان ئەنجام داوە، بەڵام لە بەر ئەکتیڤ و چالاکبوونیان ئەمڕۆ لە گۆڕەپانی سیاسی دژ بە کۆماری ئیسلامی ئێراندا زۆرتر لە گرووپ، پارت و ڕێکخراوە کانیتر لە کۆڕ و کۆبوونەوە ئەورووپیەکاندا دەردەکەون و قورسایی خۆیان لە بازنە سیاسیەکانیشدا ڕاگرتووە هەر چەند ڕابردوێکی زۆر خرابیان هە یە و لە باری ئیدۆلۆژیکیەوە زۆر لە ویلایەتی فەقهەوە دوور و جیاواز نین، بەڵام لە بەر نەبوونی ئەلترناتیڤێکی باشەوە بە نەخوازراو لە لیستی گروپە تروریستەکان دەریان هێنان و لە دژی کۆماری ئیسلامی بە کاریان دەهێنن کە دەتوانێت ئاڵوگۆڕ لە داهاتوی گروپی موجاهیدینی خەڵکدا پێکبهێنێت و لە ئاکامدا بە قازانجی ئەم ڕێکخراوەیە بشکێتەوە.

پارت و هێزە سیاسیە کان دە بێت لە ڕۆژ هە ڵاتی کوردستان و بە ڕابردووی سیاسی خۆیاندا بچنەوە و لە شێوە درووشم و تاکتیک و ئیستراتیژیکاندا ئاڵوگۆڕ پێک بهێنن کە بناغە دانەری بە رنامەو پلانێکی گشتگیر بێت بۆ داهاتوو و دانانی سنگی سیاسی لە نێو هێزە ئێرانیە کاندا بێت کە ئەگەر ڕۆژێک کۆماری ئیسلامی لە لایە ن ڕۆژئاواوە هێرشی بکرێتە سەر بتوانین ویستەکانی خۆمان لە نێو پارت و ڕێکخراوە ئێرانیەکان و لە ژێر گوشارە نێودەوڵەتیکاندا جێگیر بکەین و بە پێشەوەی بەرین، وەک ئیستای کوردستانی باشور، کاتیک وڵاتانی ڕۆژئاوا و بە تاییبەت ئەمریکا بۆ پێکهێنانی حکومەت گوشار دەخەنە سەر هەرێمی کوردستان کە دەبێت کورد لە بەشێک لە ویستەکانی خۆی پاشەکشێ بکات، بەڵام کە دەبینن کورد لە پێش ڕوخانی ڕژیمی عێراق هێز و قورسایی خۆیی هەبووە و لە ڕوخاندنی بەعسی عێراقیشدا دەوری کارامەیان گێڕاوە ئیتر ئەمریکا و ڕۆژئاوا ناتوانن لە گوشارەکانی خۆیان بۆ سەر کورد بەردەوام بن و بە نەخوازراو ڕێگەیەکی تر هەڵدەبژێرن وە بەشێک لە هێز و لایەنە عێراقییەکانیش لە بەر ئەو هۆکارانەی کە لە سەرەوە باسم کرد بێدەنگی هەڵدەبژێرن، هەر چەند لە گەڵ ئەو دەورە پۆزەتیڤە کە کورد لە گۆڕەپانی سیاسی عێراق گێڕاوێتی و ئەو لە خۆبردووییەی کە لە پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراقی نواندووێتی ئیستاش لە لایەن کۆمەڵێک هێزی فاشیستی دژایەتی دەکرێت.

کوردیش لە ڕۆژهەڵات ئەگەر بەم شێوەیە سیاسەت بکات و ئیستراتیژیەکان بەو ڕاستایەدا ببات و لە سەر دۆخێکی بەو جۆرە بەرنامە و پلان دابڕێژێت لە داهاتوێکی زۆر نزیکدا دەتوانێت کە هەم بەرە ی کوردستانی پێکبهێنێت هە م قورسای خۆی لە کایە سیاسەکاندا دەربخات و ئەورووپا و ئەمریکاش لە بۆچونی کورد لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران کەڵک وەر بگرن و جێگە و جێپی کورد ڕوونتر و بە هێزتر بێت، بە بۆچونی من ئەگەر کورد گرنگی بە ئەو خاڵانەی کە لە سەرەوە قامکم لە سەری دانا نەدات، داهاتووێکی پڕ لە هەورازو نشیوی دەبێت کە لە گەڵ شەڕی براکوژی ڕووبەڕوو دەبین (هەر وەک ئەوەێ کە ئیستا لە نێوان بەشێک لە پارتەکاندا شەڕی ڕاگەیاندن و کولاندنەوەی ڕابردووێک کە هیچ قازانج و بەرژەوەندییەکی بۆ هیچ لایەنێک تێدا نییە لەئارادا هەیە) و بزاڤی نەتەوایەتیش بە لاڕێدا دەبات کە دەبێتە هۆی لاوازی کوردو بێبایخکردنی ڕابردووێکی پڕ لە سەروەری کە بە خوێنی دەیان هەزار شەهید بە دەست هاتووە.

هەروەها دەبێتە هۆی ئەوە کە کورد لاوازتر لەو هێزەی کە هەیەتی خۆ نیشان بدات و لە لایەن ڕۆژئاواشەوە گرنگییەکی ئەوتۆمان پێنەدرێت.

ئێمە دەبێت بە لە بەرچاو گرتنی مێژووی سیاسی کورد هەوڵ بۆ ئاڕاستە کردن و یەکانگیرکردنی بەرژەوەندی و پەیوەندی ڕۆژئاو و کورد بدەین کە دوور بێت لە دۆستایەتییەکی پوچ کە هەر دەم کورد پێی هەڵخلێتێنراوە و بزوتنەوەکەمانی بە لاڕێدا بردووە و لە پاش بەدیهاتنی بەرژەوەندیەکانیان کورد سەرکوتکراوە، پێوەندی کورد لە گەڵ زلهێزەکان دەبێت لە سەر ئەساسی بەرژەوەندی سیاسی هەر دوو لا بێت کە زامنی مافی و ئازادیەکانی خەڵکی کوردستان بکات و لە پێکهاتنی ئیستراتیژیەکی درێژخایەنەوە سەرچاوە بگرێت.




لە نوسینی: هاشم محەممەدی

# با هەموومان بە کردەوە پشتیوانی بکەین لە کاندیداتۆریی محەممەد سەدیق کەبوودوەند بۆ خەڵاتی نۆبل. عارف باوەجانی سەرۆکی پارتی سەربەستیی کوردستان.

کوردستانیانی وڵاتداگیرکراو! کوردستانیانی بێبەشکراو لە گشت دەستکەوتەکانی جیهانی.
خەڵاتی ئاشتی پێناسەیەکی نرخداری بواری دەنگدانەوەی جیهانیە بۆ ئەو کەسانەی کە خاوەنی داهێنان، یا چالاکیەکی کەم وێنەن لە پێناو مافی مرۆڤ لە جیهاندا. کە ساڵانە لە ئۆسلۆی پایتەختی نۆرویژ لە لایەن کۆمیتەی ئەو خەڵاتەوە بە سەر کەسێکی جێگای پەسەندی خۆیان دابەشدەرکرێت. زۆر لە کەسایەتییەکانی جیهانی ئەو شانسەیان پێبراوە کە ببنە خاوەنی ئەو خەڵاتە، کە وێدەچێت تواناکانیان یا چالاکییەکانیشیان لە توانای محەممەد سەدیق کەبوودوەند کەمتر بووبێت. بەڵام مخابن چوون وڵاتەکەی ئێمە داگیرکەراوە، و بەشێک لە داگیرکەرانیش بە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە پێوەندییان بە جیهانی دەرەوە هەیە. بوونەتە هۆکار و ڕێگری بۆ ناساندنی ڕۆڵە بە تواناکانی ئەم گەلە لە زۆر بواری جیاواز لە ئاست جیهاندا.
تا ئەوەی کە من ئاگاداربم لە کاندیدکراوانی کورد بۆ خەڵاتی ئاشتی زۆر کەسایەتی کورد ناوەکانیان پێشنیارکراوە و خراوەتە سەر لیستی پێشنیارکراوەکانی دیکە. بەڵام فشار و پلانەکانی دیپلوماتی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان لە دەیەکانی پێشووەوە، کاری وایکردوە کە ناوی کوردەکان نەخراونەتە لیستەی پێشەوەو هەر لە یەکەم لیستی هەڵبژاردندا ئەوان جیاکراونەتەوە. ئەو کەسایەتییە کوردستانیانە کە تا ئیستا بە پێیێ زانیارییەکانی ئیمە ناویان خراوەتە لیستی کاندیداتۆرەکانی خەڵاتی ئاشتی. بریتین بوون لە هەر یەک لە بەڕیزان دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملۆ، لەیلا زانا، مامۆستا سەلاح سۆران، و ئیستاش بەڕیز محەممەد سەدیق کەبوودوەند.
کوردستانیانی دەرەوەی وڵات.
با هەموومان لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانی دەرەوە پشتیوانیی زیاتر بۆ کاندیداتۆریی محەممەد سەدیق کەبوودوەند کۆکەینەوە. هەموو ساڵێک لە سەرەتایی مانگی 2دا کاندیدی ئەو ساڵە دیاری دەکرێت. ئیستاش نزیک بە 25 ی ڕۆژی ماوە بۆ دیاریکردنی کاندیداتۆرەکانی ساڵی 2011. بۆیە پێویستە تواناکانمان چڕتر کەینەوە.
لە ڕێگەی ئەم نووسینەوە من ئامادەیی خۆم وەک سەرۆکی پارتی سەربەستیی کوردستان، و وەک کوردێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە خاوەنی ڕەگەزنامەی نۆرویژیم، واتە ئەم وڵاتەی کە خەڵاتی ئاشتی تێدا دابەشدەکرێت دەردەبڕم. تەواوی تواناکانی خۆم و تەواوی پێوەندییەکانم لە ئاست کەسایەتی و ڕێکخراوەکانی نۆرویژی و جیهانی بە کار دێنم بۆ پشتیوانی لە کاندیداتۆریی محەممەد سەدیق کەبوودوەند.
بەو هیوایە لە ساڵی 2011 گەلی کوردیش لە ڕێگەی کاک محەممەد سەدیق کەبوودوەندەوە چاوی بەو خەڵاتە ڕوون بێتەوە و لەو دەستکەوتە جیهانییە بێبەش نەبێت. گرنگی ئەو خەڵاتە لە جیهاندا پێناسەی مرۆڤە ئازادیخوازەکانە. محەممەد سەدیق کەبوودوەندیش یەکێکە لەو کوردە ئازادیخوازنە کە لە نێو جەرگەی دەسەڵاتداریێتی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستانی پێکهێناوە. لە ماوەی کورتی تەمەنی ئەو ڕێکخراوەدا بە شێوەیەکی یاسایی کارەکانی خۆیان بە ڕێوە بردوە، و توانیویانە لە ماوەیەکی کەمدا ڕێکخراوکەیان بە گشت ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی جیهانی و کوردستانی بناسێنن. ئەوەش وایکرد کە نگرانی زۆر بۆ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران دروستبکات. واتە ئەو ڕێژیمەی کە هەرگیز لە گەڵ هیچ ڕێکخراوێکی مرۆڤدۆستیدا ناگونجیێ. هەر بۆیە بە هێنانەوەی بیانووی ناڕاست ڕێکخراوەکەیان پێداخستن و تۆمەتی ناڕەواوی دایە پاڵ کاک محەممەد سەدیق کەبوودوەند و بەندییانکرد. ئەوە بۆ ماوەی چەند ساڵە ناوبراو لە بەندیخانەکانی ئەوینی ئێران لەگەڵ نەخۆشی مەترسیدار ژیان تێپەردەکات.
جارێکی دیکە پشتیوانی خۆم و گشت هاوبیرانم لە پارتی سەربەستیی کوردستان بۆ کاندیداتۆریی محەممەد سەدیق کەبوودوەند دەردەبرم.

عارف باوەجانی / سەرۆکی پارتی سەربەستیی کوردستان.
15ی بەفرانباری 2710 ی کوردی/ 5/1/2011









# ژمارەی یەکەمی ( بەرەو سەربەخۆیی ) چاپ و بڵاو کرایەوە.

پاش دەرچوونی ژمارە سفری گۆڤاری بەرەو سەربەخۆیی و پێشوازی بەرچاوی خوێنەرانی کورد لە ناوخۆ و دەرەوە، بە هەوڵ و دڵسۆزی ستافی ئەم گۆڤارە ژمارە (1 ) لە باشووری کوردستان بڵاوکرایەوە و کەوتە بەر دیدی خوێنەران.

لە ژمارە یەکی گۆڤاری بەرەو سەربەخۆیی کۆمەڵێک بابەت لەسەر چەمکی نەتەوە و هۆشیاری نەتەوەیی بڵاوکراوەتەوە؛
ئیلام بە مێژوو و ئابوورییەکەیەوە سەربەخۆیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبووژێنێتەوە - عارف باوەجانی
تێزی مێژووی کورد و دۆزی وکورد- ئەنوەر محەممەد ئەحمەد
پرسی کورد و لاوازی هەستی نەتەوەیی- هێمن عەلی مەحموود
بیری چەپ و پرسی ناسیونالیستی کورد- هێمن
پاراستنی فەرهەنگ و گرنگی پێدانی بوونی میللەتی زیندوو دەسەلمێنێت- شنە پێنجوێنی
چۆن مستەفا کەماڵ بوو بە باوکی تورکان – حاتەمی مێنبەری و چەند بابەتی تر... لە ژمارە (1 )ی گۆڤاری بەرەوسەربەخۆیی بەرچاو دەکەون.


گۆڤاری بەرەوسەربەخۆیی یەکەم گۆڤاری ناسیونالیستی کوردییە کە کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووس لە باشووری کوردستان و دەرەوەی کوردستان کاری تێدا دەکەن و دیزاینی بەرگ و ناوەوەی لە لایەن ئاگری باڵەکی کراوە و خاوەن ئیمتیازەکەی شنە پێنجوێنی و سەرنووسەرەکەی جەمال نەجاری یە.

پاشماوەیەک لە بڵاوبوونەوەی ژمارە یەکی گۆڤارەکە لە ڕۆژهەڵات و هەرێمی کوردستان، لە ڕێگەی ماڵپەڕی سەربەخۆ www.serbexo.comدەقی ژمارە 1 بۆ کوردستانیانی دەرەوەی وڵات بڵاو دەبێتەوە




# ژمارەی ڕۆژنامە نووس و نووسەری فەرەنسی دۆستی دێرینی کورد کریس کۆچیرا.







چاوپێکەوتنێکی کورت لە نێوان سەرۆکی پارتی سەربەستیی کوردستان و ڕۆژنامە نووس و نووسەری فەرەنسی دۆستی دێرینی کورد کریس کۆچیرا.

لە ڕێکەوتی 18ی سەرماوەزی 2710 ی کوردی 9/12/2010 زاینی، بەڕێز کاک عارف باوەجانی سەرۆکی پارتی سەربەستیی کوردستان لەگەڵ بەڕێز کریس کۆچیرا ڕۆژنامە نووس و نووسەری فەرەنسی دۆستی دێرینی کورد، لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان کۆبووە.

سەرەتا بەڕێز عارف بە نێوی خۆی وگشت هاوبیرانی لە پارتی سەربەستیی سوپاسی گشت دڵسۆزی و ماندوو بوونی بەڕێز کۆچیرای کرد کە لە ماوەی زیاد لە 50 ساڵ لە کارو تێکۆشانی نووسین و ڕاپۆرت لەسەر گەلی کورد، ناوبراو ڕایگەیاند کە سەردەمانێک بەڕێزتان وەک ڕۆژنامە نووس و نووسەرێک سەردانی شاخەکانی کوردستانتان دەکرد و لە سەر کورد دەتاننوسی، کەم کەسێک دەیوێرا خۆی لە باسی کورد بدات، هەربۆیە جێێ خۆیەتی بەڕێزتان لە مێژووی کوردستاندا بە شانازییەوە باستان لێوە بکرێت.

بەڕیز کۆچیرا خۆشحاڵی خۆی بەو دیدارە کورتە دەربڕی و لە درێژەی دانیشتنەکەداچەندین پرسیاری لە سەر پسک و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاراستەی کاک عارف کرد.

لە پاش نیوکاتژمێر لە دانیشتنی هەردوو بەڕیزێیان لە سەر ئەوە خۆشحاڵییان پێشاندا کە لە داهاتوودا پێوەندییەکانیان بەردەوام بێت.

ناوەندی هەواڵی پارتی سەربەستیی کوردستان/ هەولێر.

ڕێکخراوی لاوانی سەربەستیی کوردستان

http://www.rlsk.org



# ئارمی پارتی سەربەستیی کوردستان

١ ، نەخشەی کوردستان بە ڕەنگەکانی ئاڵای کوردستان.
٢ ، ڕەنگی سەوز وەک بەشێکە لە ئاڵای کوردستان، هەروەها مانای سەوزی کوردستان دەگەیەنێ لە سروشتدا.
٣ ، گوڵەگەنم، بەنیشانەی دەوڵەمەندی کوردستان لە بواری کشتووکاڵ دا.
٤ ، باڵندەیەکی ئازادکراو لەدەستی داگیرکەر، بە نیشانی ڕزگاری خەڵکی کوردستان لە قەفەسی داگیرکەران.
٥ ، ڕەنگی سوور وەک بەشێکە لە ڕەنگی ئاڵای کوردستان، هەروەها بە مانای ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان خۆێنیان زۆر ڕشتووە لە پێناوی سەربەخۆیی بۆ کوردستان.
٦ ، کورتکردوەی ناوی پارتی سەربەستیی کوردستانە بە ڕێنووسی لاتینی.




http://www.psk2006.org

پارتی سەربەستیی کوردستان

## پارتی سەربەستیی کوردستان: هەر شەکاوە بێت خەبات لە پێناو کوردستانێکی ئازاد و دیمۆکرات سەربەخۆدا.



